# دوعا کردن

## فەزڵەکانی ، ئەحکامەکانی ، ئادابەکانی


نوسینی

**الشيخ: إبراهيم بن عبد الله المزروعي**

وەرگێڕانی

**ستافی ماڵپەڕی بەھەشت**



لە بڵاوکراوەکانی

**ماڵپەڕی بەھەشت و وەڵامەکان**

ba8.org

walamakan.com

إن الحمد لله، نحمده ونستعينه ونستغفره، ونعوذُ بالله من شرور أنفسنا وسيئاتِ أعمالنا، من يهده الله فلا مُضلّ له، ومن يضلل فلا هاديَ له، وأشهدُ أن لا إله إلاّ الله وحده لا شريكَ له، وأشهدُ أن محمداً عبدهُ ورسولُه. أما بعد:

له ڕاستیدا دوعا نیعمەتێکی هەرە گەورە و بەنرخە و خوای گەورە مننەتی کردووە بەسەر بەندەکانیدا بەهۆی دوعاوە بەوەی فەرمانی پێیان کردووە و لەهەمان کاتیشدا بەڵێنی وەڵامدانەوەی پێ داون، وەکو فەرموویەتی: {وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ} [غافر:٦٠] .

واتە: ئەی بەندەکان : پەروەردگارتان دەڵێت : تەنها داوا لەمن بکەن و تایبەتم بکەن بە پەرستش منیش وەڵامتان دەدەمەوە.

جا دوعا کارو کردەوەیەکی هەرە گەورە و مەزنە و سوودەکەشی گشتگیر و فراوانە و پلەوپێگەشی بەرز وبڵندە لە دیندا، و هیچ نیعمەتێك بەدەست نەهاتووە هاوشێوەی ئەم بێت و هیچ بەڵاو کارەساتێکیش ناتوانرێ خۆتی لێ بپارێزی بەهۆیەوە هاوتای دوعا بێت، بۆیە مرۆڤ زۆر پێویستی بە دوعا هەیە و موسڵمان لەم دونیایەدا هیچ کات و حاڵەتێك نییە کە پێویستی بە دوعا نەبێت.

جا هەرکەس داوا و دوعا لای خوا دەکات ئەوا هیچ شتێك پێویستتر نییە لەوەی مرۆڤ داوای هاوکاری وقبوڵ بوون و دامەزران وپێ چەسپان بکات لەسەر حەق وڕاستی و هاوکات خۆڕاگر و دان بەخۆداگر بێت لەسەر ڕێگاکە.

وە ئەگەریش نەخۆشە ئەوا باشترین داوایەك بریتیە لە شیفا وداوای چاك بوونەوە ولابردنی ناخۆشی وناڕەحەتی لەسەری، بۆیە موسڵمان زۆر پێویستی بە دوعایە بۆ گەیشتن بەخۆشی وکامەرانی هەردوو دونیا.

جا ئەگەر دوعا لەو پلەوپێگە بەرز وبەنرخەدایە، شایەن وشایستەی ئەوەیە کە مرۆڤ خۆی لێ تێبگەیەنێت و فێری حوکم و ئادابەکانی بێت بۆ ئەوەی بەوپەڕی بەرچاو ڕۆشنیەوە داوا لەخوا بکات ونەکەوێتە هەڵە وسنووربەزاندنەوە و ئەوەش بەئومێدی وەڵامدانەوە وقبوڵ بوونی دوعا و داواکاریەکەی....

جا لەم توێژینەوە پوختەدا، کۆمەڵێك ئەحکامی پەیوەست بە دوعام کۆکردۆتەوە لەوانەی کە لەقورئان و سوننەتدا هاتوون و هەروەها لە وتە و فەتوای زانایاندا بۆ ئەوەی بەرچاو ڕۆشن بین سەبارەت بە دینەکەمان.

**وە لە میانەی ئەم توێژینەوەیەدا ئەم خاڵانەی لای خوارەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە:**

١- پێناسەی دوعا.

٢- هەردوو جۆرەکەی دوعا.

٣- فەزڵەکانی دوعا.

٤- مەرجەکانی دوعا.

٥ – ئادابەکانی دوعا.

٦- ئەو کات و شوێن و حاڵەتانەی کە دوعایان تێدا گیرایە.

٧- چەند هەڵەیەك لە کاتی دوعادا.

٨- هۆکارەکانی گیرابوون و وەڵامدانەوەی دوعا.

٩- چەند فەرموودەیەکی لاواز دەربارەی دوعا.

١٠- هەندێ لە دوعا گشتگیرەکان لە قورئان و سوننەتدا.

## یەكەم پێناسەی دوعا:

لە رووی زمانەوانیەوە: ابنُ منظور رحمه الله دەڵێت: " واتە بانگ لێكردن و هاواولێكردنی كەسێك " [١]

لە رووی شەرعیشەوە : پێشەوا ابن القیم دەڵێت: بریتیە لە داواكردنی شتێكی بەسوود بۆ داواكار و لابردنی ناخۆشی وزەرەرو زیانێك لێی. [٢]

## ٢. دوو جۆرەكەی دوعا:

هەر دوعایەك لە قورئان وسوننەتدا هاتبێت ئەوا هەردوو جۆرەكەی دوعا دەگرێتەوە كە پێیان دەوترێت " دعاءَ المسألةِ ودعاء العبادة "

شێخ سەعدی رەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: " هەموو ئەوەی لە قورئاندا هاتووە كە فەرمان بە دوعا دەكات ئەوە هەردوو جۆرەكەی دوعا دەگرێتەوە وئەمەش رێسایەكی زۆر بەسوودە، چونكە زۆربەی خەڵكی جۆرەكانی عیبادەت بە دوعا هەژمار ناكەن وئەمەش هەڵەیە، لەكاتێكدا ئایەتەكان روون و راشكاون لەوەی هەردوو جۆرەكەی دوعا دەگرێتەوە "[٣] ، وە دوعای مەسئەلە بریتیە لەوەی داوای شتێك بكەیت وەكو ئەوەی كەسێك بڵێت: ئەوەم پێ ببەخشە وبمدەرێ و دوعا و عیبادەش هەموو خواپەرستیەكان دەگرێتەوە ئەوانەی دیارو ئاشكران وئەوانەش كەنادیارن لەدڵ وناخدا دەكرێن، چونكە كەسی خواپەرست بەزمانی حاڵی دەڵێت خوایە ئەم عیبادەتەم لێ قبوڵ بكە وپاداشتم بدەرەوە لەسەری وئەمەش مانای عیبادەتە بە مانا گشتیەكەی. جا هەموو دوعایەك دوعای مەسئەلە لەخۆ دەگرێت وهەموو دوعایەكی مەسئەلەش دوعای عیبادە لەخۆ دەگرێت.

---

[١] لسان العرب ٢٥٨/١٤

[٢] بدائع الفوائد (٢/٣)

[٣] القول الحسان لتفسير القرآن صـ ١٥٤

## سێیەم فەزڵی دوعا:

دوعا چەندین فەزڵ و بەرهەمی بەسوود و بەرچاوی هەیە لەوانە:

١- دوعا خواپەرستی و گوێڕایەڵیە بۆ خوای گەورە وەكو خۆی دەفەرموێت: {وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ}[غافر:٦٠] واتە: ئەی بەندەكان : پەروەردگارتان دەڵێت : تەنها داوا لەمن بكەن و تایبەتم بكەن بە پەرستش منیش وەڵامتان دەدەمەوە. جا بۆیە دوعاكار گوێڕایەڵی خوایە.

٢- دوعا وا لە مرۆڤ دەكات دوور وسەلامەت بێت لە خۆبەزلزانی، خوای گەورە دەفەرموێت: {وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ}[غافر:٦٠] واتە: ئەی بەندەكان : پەروەردگارتان دەڵێت : تەنها داوا لەمن بكەن و تایبەتم بكەن بە پەرستش منیش وەڵامتان دەدەمەوە ، بێگومان ئەوانەی لوتبەرزن سەبارەت بە تەنهادانانم لە پەرستش و خوایەتیدا ئەوا بەسەرشۆڕی وزەلیلیەوە دەڕۆنە دۆزەخەوە. جا بۆیە تەرك كردن و وازهێنان لە دوعا خۆبەگەورەزانینە.

٣- دوعا عیبادەتە وەكو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " الدعاء هو العبادة "[٤] واتە: دوعا عیبادەت وخواپەرستیە.

٤- دوعا بەرێزترین شتە بەلای خوای گەورەوە وەكو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " ليس شيء أكرم على الله من الدعاء "[٥] واتە: شتێك نییە لە دوعا بەرێزتر بێت بەلای خوای پەروەردگارەوە.

---

[٤] صحيح الجامع (٣٤٠٧)

[٥] صحيح الأدب المفرد (٥٤٩)

٥- دوعا هۆکارێکە بۆ لابردنی تورەیی خوا، وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " مَنْ لم يسألِ اللهَ يغضبْ عليه " [٦] واتە: هەرکەس داوا لە خوا نەکات ئەوا لێی تورە دەبێت.

جا بۆیە دوعا یەکێکە لەگرنگترین و گەورەترین عیبادەتەکان چونکە بەهۆیەوە مرۆڤ خۆی پێ دەپارێزێت لە تورەیی خوا.

وە بەڕاستی خاوەنی ئەم قسەیە جوانی وتوە کە دەڵێت: " لا تَسألنَّ بَني آدمَ حاجةً وسلِ الذي أبوابُه لا تُحجبُ " [٧]

اللهُ يغضبُ إنْ تركت سؤالَهُ          وبَني آدمَ حينَ يُسألُ يَغْضبُ

٦- دوعا بەڵگەیە لەسەر پشت بەستن بە خوا: ئەوەش لەبەر ئەوەی مرۆڤ لەکاتی دوعادا تەنها پشت بەستووە بە خوا و تەواوی کاروباری بۆ خوا دەخاتەڕو و بەوی دەسپێری.

٧- دوعا وا لەمرۆڤ دەکات دوور وسەلامەت بێت لە بێ دەسەڵاتی ونەتوانین: وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " أعجزُ الناسِ من عَجَزَ عن الدعاءِ ، وأبخلُ الناس من بخلَ بالسلام "" [٨] .

واتە: بێ دەسەڵاتترین کەس ئەوەیە کە دوعا نەکات و ڕەزیلترین کەسیش ئەوەیە کە ڕەزیلی بکات لە سەلام کردن.

جا لاوازترین کەس لەڕووی بۆچون و هیممەتەوە ئەوەیە کە دوعا نەکات چونکە دوعا بۆ هەمیشە سوودی پێ دەگەیەنێت.

---

[٦] صحيح الأدب المفرد (٥١٢)

[٧] صحيح الأدب المفرد (٥٤٩)

[٨] صحيح الجامع (١٠٤٤) والصحيحة (١٥٤)

٨- وە لە گرنگترین باشی و فەزڵەکانی دوعا ئەوەیە کە بەروبوم و ئەنجامەکەی دەستەبەرە لای خوا بۆ کەسێك پەلە نەکات:

* لە ئەبی هورەیرەوە ﵁ دەڵێت: بیستم لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کە دەیفەرموو: " ما من أحدٍ يدعو بدعاءٍ إلاّ آتاه الله ما سأل ، أو كفَّ عنه من سوءٍ مثله، ما لم يدعُ بإثمٍ أو قطيعة رحم""[٩] واتە: هیچ کەسێك نییە کە دوعایەك بکات ئیلا خوای گەورە پێی دەبەخشێت ئەوەی داوای کردووە یان بە وێنەی ئەوە خراپەی لێ لادەدات مادام داوای پچڕانی سیلەی رەحم و تاوان ناکات.

* لە ئەبی سەعیدی خودریەوە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خواوە ﷺ فەرموویەتی: " ما من مسلم يدعو، ليس بإثم ولا بقطيعة رحم . إلاّ أعطاه الله إحدى ثلاث : إما أن يُعجِّلَ له دعوته ، وإما أن يدّخرها له في الآخرة، وإما أن يدفعَ عنه من السوء مثلها. قال: إذاً نكثر، قال : "" الله أكثر "" [١٠]

واتە: هیچ موسڵمانێك نییە کە داوا لە خوا بکات بەمەرجێك داوای پچڕانی سیلەی رەحم و تاوان نەکات ئەوا خوای گەورە یەکێك لەم سێ شتەی پێ دەبەخشێت:

یان ئەوەتا داواکەی بۆ جێ بەجێ دەکات هەرلە دونیادا.

یان بۆی هەڵدەگرێت بۆ قیامەتی.

وەیاخود بە ئەندازەی ئەوە شەڕ و خراپەی لێ لادەبات.

وترا: دەی کەواتە ئیتر زۆر دوعا دەکەین، ئەویش فەرمووی: خوای گەورەش زۆرتر دەبەخشێت.

---

[٩] صحيح الجامع (٥٦٧٨)

[١٠] صحيح الأدب المفرد (٧١٠)

* پێغەمبەری خواوە ﷺ فەرموویەتی: " ما من مؤمن ينصِبُ وجهه إلى الله ، يسأله مسألةً إلاّ أعطاه إياها ، إمّا عَّجلها له في الدنيا ، وإما ذخرها له في الآخرة ما لم يَعْجَلْ، قالوا : يا رسول الله ومما عجلتُه؟ قال : يقول دعوتُ ودعوتُ ولا أراه يُستجابُ لي ""[11]

واتە: هیچ موسڵمانێك نییە كە ڕوو بكاتە خواو داوای شتێك بكات ئیلا پێی دەبەخشێت، ئیتر یان هەر لەدونیادا پێی دەبەخشێت یان بۆی هەڵدەگرێت بۆ قیامەتی ئەگەر پەلە نەكات، وتیان ئەی پێغەمبەری خوا پەلەكەی چییە؟ ئەویش فەرمووی: كەسەكە دەڵێت دوعام كردو خوا وەڵامی نەدایەوە و واش نازانم ئیتر وەڵامم بداتەوە.

* پێشەوا ابن حجر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: " هەموو داواكارێك وەڵام دەدرێتەوە، بەڵام چۆنێتی وەڵام دانەوەكە جۆراو جۆر و هەمەچەشنە، بۆ نمونە جاری وا هەیە خودی شتەكەی بۆ جێ بەجێ دەبێت و جاری واش هەیە ئەندازەی ئەو شتەی دەستدەكەوێت " [12]

٩- دوعا هۆكارە بۆ هەڵگرتن و دوورخستنەوەی بەڵاو كارەسات پاش دابەزینی:

* پێغەمبەری خواوە ﷺ فەرموویەتی: " من فُتح له منكم باب الدعاء فُتحت له أبواب الرحمة، وما سُئل الله شيئاً يعطى أحبَّ إليه من أن يسأل العافية، إن الدعاء ينفع مما نزل وممّا لم ينزل، فعليكم عباد الله بالدعاء"[13] واتە: هەركەس لە ئێوە دەرگای دوعای بەڕوودا كرایەوە ئەوا دەرگاكانی ڕەحمەتی بەسەردا كراوەتەوە، وە هیچ شتێك داوا لە خوا نەكراوە ئەویش بەخشیبێتی و لای خۆشەویستتربێت لەداواكردنی عافیەت وسەلامەتی، جا دوعا سوودی هەیە بۆ ئەو بەڵایەی كە دابەزیوە وئەوەش كە دانەبەزیوە، بۆیە ئەی بەندەكانی خوا دوعا بكەن.

---

[11] صحيح الأدب المفرد (٥٤٨)

[12] فتح الباري (٩٥/١١)

[13] الترمذي (٣٤٩٩)

## چوارەم مەرجەکانی دوعا:

بۆ ئەوەی دوعا وەرگیراو بێت و خوای گەورە وەڵامی بداتەوە ئەوا دەبێت:

١- ئەو کەسەی دوعا دەکات دەبێت باوەڕی وابێت کە تەنها خوا دەتوانێت وەڵامی دوعاکەی بداتەوە، ئەمەش تەوحیدی ربوبیەتە.

٢- تەنها لە خوا نەبێت لەکەسی تر داوا نەکات، وەکو خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَأَنَّ الْمَسَاجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا مَعَ اللَّهِ أَحَدًا﴾[الجن:١٨] واتە: بێگومان مزگەوتەکان تەنها بۆ پەرەستنی خوایە بەتەنهایی ، هەر بۆیە تیایاندا جگە لەخوا مەپەرەستن .وە تیایاندا بەدڵسۆزی و نیەت پاکیەوە پەرەستنەکانی بۆ بکەن و لێی بپارێنەوە ، چونکە مزگەوتەکان بۆ ئەوە دروستکراون تەنها خوایان تێدا بپەرسترێت بەبێ هاوەڵ بۆ بڕیاردانی .

وە لەم ئایەتەشدا واجبێتی ئەوەی تیایە کە مزگەوتەکان پاك ڕابگیرێت لە هەموو ئەو شتانەی نیەت و نیازی دڵ بۆ خوا و شوێنکەوتنی پەیامبەر کەم دەکەنەوە و تێکی دەدەن .

٣- بە ناو و صیفاتەکانی خوا داوا بکات یان بەکاروکردەوەیەکی چاکی یان دوعای کەسێکی چاکی زیندوی ئامادە.

٤- پەلەنەکردن لە دوعادا بۆ وەڵامدانەوە و ئەگەریش وەڵامەکە دواکەوت ئەم بێ ئومێد نەبێت، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: "يُستجابُ لأحدكم ما لم يَعجلْ ، يقول : دعوتُ فلم يُستجب لي "[١٤] واتە: خوای گەورە وەڵامی دوعاکانتان دەداتەوە ئەگەر پەلەنەکەن، دەڵێت: من هەر دوعا دەکەم و وەڵام نەدرامەوە.

[١٤] رواه البخاري (٦٣٤٠) ومسلم (٢٧٣٥)

* پێشەوا ابن القیم رەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: " لەو بەڵایانەی كە رێگری دەكات لە وەڵامدانەوەی دوعا ئەوەیە كە كەسەكە پەلە پەل بكات و وەڵام دانەوەی دوعاكەی بە دواخراو بزانێت و بەو هۆیەوە واز لە دوعاكردن دەهێنێت " [١٥]

٥- دوعاكردن و داواكردنی شتی باش وخێرو دووركەوتنەوە لە پچڕانی سیلەی رەحم، چونكە وەكو لە فەرموودەكەدا هاتبوو: " يُستجاب للعبد ما لم يدعُ بإثمٍ أو قطيعة رحم "" [١٦]

٦- دڵنیابیت لەوەی وەڵام دەدرێیتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " ادعوا الله وأنتم موقنون بالإجابة "[١٧] واتە: داوا لەخوا بكەن و یەقینتان هەبێت بەوەی وەڵام دەدرێنەوە.

٧- ئامادەیی دڵ: دەبێت دڵی بەئاگا بێت و بزانێت چی دەڵێت و لەو كاتەدا هەست بە گەورەیی ئەو زاتە بكات كە داوای لێ دەكات، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: "واعلموا أن الله لا يستجيبُ دعاءً من قلبٍ لاهٍ "" [١٨] واتە: بزانن كە خوای گەورە وەڵامی دوعای كەسێك ناداتەوە كە دڵی غافڵ وبێ ئاگابێت.

٨- حەڵاڵێتی جلوبەرگ و خواردن و خواردنەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: "إن الله طيّبٌ لا يقبلُ إلا طيباً ، ثم ذكر الرجل يطيل السفر أشعث أغبر يمد يديه إلى السماء يا ربِّ يا ربِّ ، ومطعمهُ حرام ومشربهُ حرام وملبسهُ حرام وغُذّيَ بالحرام فأنَّى يُستجاب له "" واتە: خوای گەورە پاك و چاكە و پاكیش نەبێت وەری ناگرێت، پاشان باسی پیاوێكی كرد لە سەفەرێكی دوورەوە هاتبوو ماندو و تۆزاوی و قژتێكچوو بو هەردوو دەستی بۆ ئاسمان بەرزكردەوەو دەیوت: یا رب یا رب،

---

[١٥] الجواب الكافي صـ ١٠

[١٦] مسلم (٢٧٣٥)

[١٧] صحيح الجامع (٢٤٥)

[١٨] صحيح الجامع (٢٤٥)

لەکاتێکدا خواردن و خواردنەوە وجلوبەرگی هەموو حەرام بوو تەنانەت بە خواردنی حەرامیش گەورە بوبو، جا ئیتر چۆن وەلآمی دەدرێتەوە. [19]

٩- نابێت دوعاکردنەکەی سەرقاڵی بکات لە ئەنجام دانی واجبێك یان فەرزێك کە لەو کات وساتەدا ئەنجام دەدرێت، وەکو ئەوەی سەرقاڵی بکات لە نوێژی بەکۆمەڵ یان ڕێزگرتنی میوان یان خزمەتی دایك وباوکی یان ماف موسڵمانێك یان هاوشێوەی ئەوانە.

❁❁❁❁❁

[19] مسلم (١٠١٥)

## پێنجەم : ئادابەکانی دوعا:

بۆ ئەوەی دوعا تەواو و بیٚ کەموکورتی بێت:

١- شوکر وسەنای خوای گەورە پێش دوعاکە وپاشان سەلاوات دان لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ ، فەزالەی کوڕی عەبید رضي الله عنه دەڵێت: جارێکیان پێغەمبەری خوا ﷺ دانیشتبوو پیاوێك هاتە ژوورەوە و نوێژی کرد و پاشان ووتی: اللهم اغفر لي وارحمني ، پێغەمبەری خوایش ﷺ فەرمووی: " عجلت أيها المصلَّي إذا صليت فقعدت فاحمد الله بما هو أهله وصلِّ عليَّ ثم ادعُه "" [٢٠]واتە: ئەی نوێژخوێن لەڕاستیدا پەلەت کرد، ئەگەر نوێژت کرد و دانیشتیت شوکرو وسوپاسی خوا بکە بەشێوەیەك شایستەی بێت و سەلاوات لەسەر من بدە و پاشان دوعاکە بکە.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " كلُّ دعاءٍ محجوبٌ حتى يُصلى على النبي " [٢١]

واتە: هەموو دوعایەك ڕێ لیٚ گیراو و وەرنەگیراوە هەتا سەلاوات لەسەر پێغەمبەر نەدرێت .

٢- ملکەچی و زەلیلی و ترس و ئومێد:

خوای گەورە دەفەرموێت: {إِنَّهُمْ كَانُوا يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَيَدْعُونَنَا رَغَبًا وَرَهَبًا وَكَانُوا لَنَا خَاشِعِينَ}[الأنبياء:٩٠] واتە: بێگومان ئەوان دەستپێشخەریان دەکرد بۆ هەموو کاروکردەوەیەکی چاکە ، و نزا و پاڕانەوەیان تەنها لای ئێمە دەکردە بەئاواتی بەدەستهێنانی ئەوەی لەلای ئێمەیە ، و ترسی سزا و تۆڵەمانیان هەبوو ، وە ئەوان ملکەچ وگوێڕایەڵبوون بۆ فەرمانەکانمان .

---

(٢٠) شرح سنن أبو داود

(٢١) رواه الترمذي موقوفاً على عمر . صحيح الجامع (٤٥٢٣)

٣- خۆیەكلاكردنەوە لە دوعادا و سووربون لە داواكردندا: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

" لا يقولنَّ أحدكم اللهم اغفر لي إن شئت ، اللهم ارحمني إن شئت، ليعزم المسألة فإنه لا مُستكرِهَ له "[٢٢] واتە: با هیچ یەكێكتان لەكاتی دوعادا نەڵێت: خوایە ئەگەر ویستت لێم خۆش بە خوا ئەگەر ویستت رەحمم پێ بكە، با بەیەكلایی و سووربونەوە داواكەی بكات چونكە كەس نییە زۆر لە خوا بكات.

٤- یەكێكی تر لە ئادابەكانی دوعا بریتیە لە زۆر دوبارەكردنەوەی داواكە و وازنەهێنان كە ئەوە بەڵگەیە لەسەر ڕاستگۆیی و ئومێدی دەستكەوتنی ئەو نیعمەتەی لای خوا.

٥- دوعاكردن لە هەموو حاڵەتێكدا لە خۆشی و ناخۆشیدا، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

"من سرَّه أن يستجيب الله له عند الشدائد والكُرَبِ فليكثر من الدعاء في الرخاء ""[٢٣] .

واتە: هەركەسێك پێی خۆشە خوای گەورە وەڵامی داواكەی بداتەوە لە كاتی ناخۆشی وبەڵادا ئەوا با لەكاتی خۆشیدا زۆر دوعا بكات.

٦- دووربكەوەرەوە لە دوعاكردن لە خێزان و ماڵ و نەفس: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " لا تدعوا على أنفسكم ، ولا تدعوا على أولادكم ، ولا تدعوا على أموالكم ، لا توافقوا من الله ساعةً يُسأل فيها عطاءً فيستجيب لكم "[٢٤]

واتە: دوعا لە خۆتان مەكەن، دوعا لە منداڵتان مەكەن، و دوعا لە ماڵتان مەكەن، نەوەك ئەو دوعایە هاوكات بێت لەگەڵ ئەو سات و وەختەی كە دوعا گیرایە و خوای گەورە وەڵامی بداتەوە بۆتان.

---

[٢٢] متفق عليه البخاري (٦٣٣٩) ومسلم (٢٦٧٨)

[٢٣] صحيح الجامع (٦٢٩٠)

[٢٤] مسلم (٣٠٠٩) وأبو داود

٧-دووبارە كردنەوەی دوعا سێ جار وەكو چەندین جار ئەوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ رووبیداوە.

٨- رووكردنە قیبلە وەكو لە فەرموودەی نوێژەبارانە و جگە لەویش هاتووە.

٩- دەست بەرزكردنەوە لە دوعادا وەكو لە كردەوەی پێغەمبەری خوادا هاتووە و هەروەها فەرمویەتی: " إنّ ربّكم حييٌ كريم يستحي من عبده إذا رفع يديه إليه أن يردَّهما صفراً خائبتين ""[٢٥]

واتە: پەروەردگارتان بەشەرم وبەرێز وبەخشندەیە شەرم دەكات لە بەندەكەی كە دەستی بۆلا بەرزبكاتەوە و ئەمیش بەنائومێدیەوە بیانگەڕێنێتەوە.

وە ئەم دەست بەرزكردنەوەیەش بۆ دوعای گشتیە نەوەك دوعای چوونە ماڵ و دەرچوون لەماڵ و چونە سەرئاو و هاوشێوەكانی.

١٠- وتنی ئەو دوعایانەی كە مانای گشتگیریان هەیە و هەموو داواكان لەخۆدەگرن لەبری درێژكردنەوە وزیادەڕۆیی ناپێویست.

١١- دەنگ نزم كردنەوەو بەپەنهانی دوعاكردن: خوای گەورە فەرموویەتی: {ادْعُواْ رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ}[الأعراف:٥٥] واتە: لە پەروەردگارتان - ئەی باوەڕداران - بپاڕێنەوە بە زەلیلی و كڕوزانەوە بەنهێنی ، وە با پاڕانەوەكەتان بەدڵكزی و دوور لەڕووپامایی بێت . بێگومان خوای پەروەردگار سنورشكێنەكانی خۆش ناوێت ئەوانەی كە سنوری پەیامەكە دەشكێنن ، و گەورەترین سنورشكاندیش هاوەڵبڕیاردانە بۆ خوای پەروەردگار ، وەكو پاڕانەوە لە مردوو و پەرستراوەكانی تر و هاوشێوەكانیان .

---

[٢٥] صحيح الجامع (٢٠٧٠)

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " أيها الناس ، أربعُوا على أنفسكم ، إنكم لا تدعون أصمَّ ولا غائباً، إنكم تدعون سميعاً قريباً وهو معكم "" [٢٦] واتە: ئەی خەڵکینە، بەزەییتان بە خۆتاندا بێتەوە وئەوەندە دەنگ بەرزمەکەنەوە، چونکە ئێوە داوا لە زاتێك ناکەن کە نابیست و غائیب بێت، بەڵکو داوا لە خوایەك دەکەن کە بیسەرە و نزیکە و لەگەڵتاندایە.

❁❁❁❁❁

[٢٦] البخاري (٦٣٨٤) وقد ذكر ابن القيم فوائد خفض الصوت والإسرار بالدعاء في كتابه بدائع الفوائد ( ٣/٦-١٠ )

### شەشەم : ئەو کات و شوێن و حاڵەتانەی کە دوعایان تێدا گیرایە و وەڵام دەدرێتەوە:

١- دوعا کردن لە نیوەی شەودا و کاتی سەحەر: خوای گەورە فەرموویەتی:{وَبِالأَسْحَارِ هُمْ يَسْتَغْفِرُونَ}[الذاريات:١٨] واتە: لەکۆتایی شەویش پێش دەرکەوتنی سپێدە داوای لێخۆشبوونی تاوانەکانیان لە خوای پەروەدگار دەکرد .

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " ينزل ربُنا كلَّ ليلةٍ إلى السماء الدنيا حين يبقى ثلث الليل الأخر ، يقول : من يدعوني فأستجيب له ، من يسألني فأعطيَه ، من يستغفرني فأغفر له ""[٢٧]

واتە: خوای پەروەردگارمان هەموو شەوێك دادەبەزێتە ئاسمانی دونیا ئەو کاتەی کە سێ یەکی شەو دەمێنێت و دەفەرموێت: کێ بانگم لێ دەکات تا وەڵامی بدەمەوە، کێ داوام لێ دەکات تا پێی ببەخشم، کێ داوای لێخۆشبوونم لێ دەکات تا لێی خۆش بم.

٢- دوای نوێژە فەرزەکان واتە پێش سەلام دانەوە وەکو پێشەوا ابن تيميه وابن القيم و ابن عوسەیمین باسیان کردووە وپەسەندیان کردووە.

لە ئەبی ئومامەوە ﷺ دەڵێت: وترا ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ کام دوعا زوو وەڵام دەدرێتەوە؟ ئەویش فەرمووی: لەنیوە شەودا و لەکۆتایی نوێژە فەرزەکانەوە.[٢٨]

٣- لەنێوان و بانگ و قامەتدا: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " الدعاءُ لا يُردُّ بين الأذان والإقامة فادعوا """[٢٩] واتە: دوعا لەنێوان بانگ و قامەتدا رەد ناکرێتەوە.

---

[٢٧] متفق عليه خ (١١٤٥) م (٧٥٨)

[٢٨] الترمذي والنسائي

[٢٩] صحيح الجامع (٣٤٠٨ )

٤- لەکاتی بانگ و باران باریندا: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " ثنتان ما تُردان: الدعاء عند النداء وتحت المطر"[٣٠] واتە: دوو کات هەیە دوعا تێیاندا ڕەد ناکرێتەوە: ئەوانیش لەکاتی بانگ و لەژێر باراندا.

٥- لەدوای نوێژی عەصر لەڕۆژی هەینیدا هەتاوەکو خۆرئاوابوون: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕوونی کردۆتەوە کە لەڕۆژی هەینیدا ساتێك هەیە هیچ کەسێك نییە کە لەو کاتەدا وەستابێت و نوێژ بکات و هاوکات بێت لەگەڵ ئەو ساتەدا و داوای هەر شتێك بکات ئیلا خوای گەورە پێی دەبەخشێت.[٣١]

٦- لەکاتی سوجدەدا: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " أقربُ ما يكون العبد من ربه وهو ساجد فأكثروا الدعاء """[٣٢] واتە: نزیکترین حاڵەتی بەندە لە خوای گەورەوە بریتیە لەکاتی سوجدە بۆیە زۆر دوعا بکەن.

٧-ڕۆژی عەرەفە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ( خير الدعاء دعاء يوم عرفة )[٣٣]

واتە: خێرترین دوعا دوعای ڕۆژی عەرەفەیە.

٨- دوعای تەحیات و پێش سەلام دانەوە کە بریتیە لە کۆتایی نوێژەکان.

٩- دوعای موسڵمان بۆ براکەی بە پەنهانی و بێ ئاگایی خۆی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " ما من مسلم يدعو لأخيه بظهر الغيب إلا قال الملك: ولك بمثل "" [٣٤] واتە: هیچ موسڵمانێك نییە کە دوعا بۆ براکەی بکات بەبێ ئاگایی خۆی ئیلا فریشتەیەك هەیە پێی دەڵێت: بەهەمان ئەندازە بۆ خۆتیش.

---

[٣٠] صحيح الجامع الصغير (٣٠٧٨ )

[٣١] متفق عليه – البخاري (٩٣٥) ومسلم (٨٥٢)

[٣٢] رواه مسلم ( ٤٨٢) وأبو داود

[٣٣] مالك والترمذي صحيح الجامع (٣٢٧٤)

[٣٤] رواه مسلم ( ٢٧٣٢ ) وأبو داود

١٠–دوعای كەسی ناچار و پێ گیراو: واتە ئەو كەسەی كە نەخۆش وهەژار وتووشی بەڵاو كارەساتێك بووە: خوای گەورە فەرموویەتی: {أَمَّن يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ السُّوءَ}[النمل:٦٢] واتە: ئەو خوایەی كە وەڵامی داوای كەسێك دەداتەوە كە تووشی بەڵاو ناخۆشی هاتووە و كارەساتەكەی لەسەر لادەبات.

ئیمامی قورتوبی ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەفەرموێ : (ضمن الله إجابة المضطر إذا دعاه)[٣٥]

١١– دوعای ستەم لێكراو: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " واتّق دعوة المظلوم فإنه ليس بينها وبين الله حجاب "" [٣٦] .واتە: خۆت بپارێزە لە دوعای كەسی ستەم لێكراو چونكە لەنێوان ئەو و خوای گەورەدا هیچ پەردەیەك نییە.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:" دعوة المظلوم مستجابة وإن كان فاجراً ففجورهُ على نفسه " [٣٧] واتە: دوعای ستەم لێكراو گیرایە ئەگەرچی فاجر وخراپەكاریش بێت خراپەكەی بۆ سەرخۆیەتی.

١٢ – دوعای موسافر وڕێبوار: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " ثلاثُ دعوات مستجابات : دعوة المظلوم ، ودعوة المسافر ، ودعوة الوالد على ولده ""[٣٨] واتە: سێ دوعا گیرادەبن: دوعای ستەم لێكراو، دوعای موسافر، دوعای دایك وباوك لەسەر ڕۆڵەكەی.

١٣– دوعای دایك وباوك لەسەر ڕۆڵەكەی یان بۆ ڕۆڵەكەی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " ثلاثُ دعوات لا تُرد : دعوة الوالد لولده ، ودعوة الصائم ، ودعوة المسافر ""[٣٩]

واتە: سێ دوعا گیرادەبن و ڕەدناكرێنەوە: دوعای دایك وباوك بۆ ڕۆڵەكەی، دوعای ڕۆژووەوان و دوعای موسافر.

---

(٣٥) تفسير القرطبي

(٣٦) متفق عليه

(٣٧) رواه أحمد ، وفي صحيح الجامع ( ٣٣٨٢ )

(٣٨) صحيح الأدب المفرد ( ٣٧٢ )

(٣٩) صحيح الجامع ( ٣٠٣٢ )

## حەوتەم : چەند هەڵەیەك لە دوعادا:

پێشەوا ابن القیم رەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: " هەر دوعایەك پێچەوانەی حیكمەتی خوا بێت یان نەگونجێت لەگەڵ شەرع و فەرمانی خوای گەورەدا یاخود پێچەوانەی ئەوە بێت كە خۆی هەواڵی پێ داوە ئەوا سنووربەزاندنە و خۆی و داواكارەكەشی خۆش ناوێت "[40]

خوای گەورە دەفەرموێت: {ادْعُواْ رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ}[الأعراف:٥٥]

واتە: لە پەروەردگارتان ـ ئەی باوەڕداران ـ بپاڕێنەوە بە زەلیلی و كڕوزانەوە بەنهێنی ، وە با پاڕانەوەكەتان بەدڵكزی و دوور لەڕووپامایی بێت . بێگومان خوای پەروەردگار سنورشكێنەكانی خۆش ناوێت ئەوانەی كە سنوری پەیامەكە دەشكێنن ، و گەورەترین سنورشكاندیش هاوەڵبڕیاردانە بۆ خوای پەروەردگار ، وەكو پاڕانەوە لە مردوو و پەرستراوەكانی تر و هاوشێوەكانیان .

دروست نییە ستەم بكرێت لەدوعادا و سنوور ببەزێنرێت و ئەمانەی خوارەوەش چەند نمونەیەكن لە سنوربەزاندن لە دوعادا:

١- داواكردن لە غەیری خوا لەگەڵ خوادا: وەكو ئەوەی داوا لە مرۆڤێك یان جنۆكەیەك یان شتی تر بكرێت.

٢- تەوەسول كردن بە شتێك كە بیدعە بێت وەكو ئەوەی تەوەسول بكرێت بە پێغەمبەر یان خاتری پێغەمبەر.

٣- دوعا كردن لە خۆت لە بەوەی بمریت لەبەر ناخۆشی و زەرەرێك كە تووشت بووە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " لا يتمنَّينَّ أحدكم الموت لضرٍّ نزل به ، فإن كان لابد متمنياً الموت فليقل : اللهم احيني ما كانت الحياة خيراً لي ، وتوفني ما كانت الوفاةُ خيراً لي""[41] .

---

[40] بدائع الفوائد ( ١٣/٣ )

واتە: با هیچ كەسێك لە ئێوە ئاوات بە مردن نەخوازێت لەبەر ناخۆشیەك كە تووشی بووە، وە ئەگەر هەرناچارە ودەبێت بیڵێت ئەوا با بڵێت: خوایە بمژێنە ئەگەر ژیان سوود وخێری بۆم هەیە و بمرێنە ئەگەر مردن باشتر و خێرە بۆم.

٤- دوعاكردن بەوەی خوا سزاكەت بۆ پێش بخات لە دونیادا: لە ئەنەسەوە ﷺ دەڵێت: جارێكیان پێغەمبەری خوا ﷺ سەردانی كەسێكی كرد لە موسڵمانان كە زۆر لاواز وبێ هێز بوو وەكو بێچووە باڵندەی لێ هاتبوو، پێی فەرموو: " ئایا تۆ دوعا و داوای شتێكت لە خوا كردووە؟" وتی: بەڵێ: من وتومە خوایە ئەگەر سزام دەدەی لە قیامەتدا ئەوا بۆمی پێش بخە بۆ دونیاو لێرە سزام بدە، پێغەمبەری خوایش فەرمووی: "سبحان الله ، لا تطيقه أو لا تستطيعه ، أفلا قلت : اللهم آتنا في الدنيا حسنةً وفي الآخرة حسنة وقنا عذاب النار ؟ فدعا الله له فشفاه "[٤٢] واتە: سبحان الله، تۆ بەرگەی ناگری و ناتوانی، ئەی بۆچی نەتووت: خوایە لەدونیا ودوارۆژدا چاكەم پێ ببەخشە و لەسزای ئاگریش بمپارێزە؟ ئەوەبوو دواتر پێغەمبەری خوا ﷺ دوعای بۆ كرد و خوای گەورە شیفای دا.

٥- دوعا وداواكردنی شتێك كە ئەستەم بێت و لەڕووی شەرع و عەقڵ وعادەتیشەوە رێك نەبێت ونەگونجێت: وەكو ئەوەی داوای نەمری بكات لە دونیادا یان خوا پێغەمبەرایەتی پێ بدات یان قیامەت هەڵنەسێت و ئەم جۆرە شتانە.

٦- مەبەست و ئامانجی دوعاكارەكە فاسد و خراپ بێت وەكو ئەوەی داوای ماڵ وسامان بكات بۆ ئەوەی خۆی بە گەورە بزانێت بەسەر خەڵكیدا و تاوان سەرپێچی پێ بكات.

٧- زۆرلەخۆكردن بۆ گریان و دەنگ بەرزكردنەوە پێی بەتایبەت لە رەمەزاندا.

---

[٤١] متفق عليه

[٤٢] رواه أحمد ومسلم ( ٢٦٨٨) والترمذي

٨- هەڵەی تر لە دوعادا بریتیە لە بیدعە وداهێنراو تێیدا وەکو:

أ ) کۆبوونەوە بۆ دوعا لەکات و شوێنێکی دیاری کراودا، و هەستانی یەکێکیان بەپێوە بۆ دوعاکردنەکە و ئەوانی تریش ئامین بکەن لەدوایەوە، ئەم شێوەیە لە سوننەتدا نەهاتووە تەنانەت لەیەکێك لەهاوەڵان و زانایانیشەوە نەگێردراوەتەوە.

پێشەوا شاتبی رەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: " دوعاکردن بە شێوەی کۆمەڵ بە هەمیشەیی کاروکرداری پێغەمبەری خوا نەبووە ﷺ " [٤٣]

ب ) مەسح کردنی دەموچاو بەهەردوو دەست لەدوای تەواوبوونی دوعاکە: ئەم کارەش هیچ فەرموودەیەکی صەحیحی لەسەر نەهاتووە، بەڵام چەند فەرموودەیەکی لاواز ومونکەری لەسەر هاتووە کە ناکرێنە بەڵگە بۆ دروستێتی و رەوادان بەم کارە.

پێشەوا عیززی کوڕی عبدالسلام رەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: " هیچ کەسێك دوای دوعاکردن دەست ناهێنێت بەدەموچاویدا ئیلا نەزان و نەفام نەبێت " [٤٤]

جـ ) دوعاکردن لای گۆڕی پیاوچاں و مەرقەد وگلکۆی مردوو بەباوەڕی ئەوەی کە شوێنەکە باشتر و بەرەکەتدارە.

د ) دوعا لەسەر ئەندامەکانی دەستنوێژ: هیچ فەرموودەیەکی لەسەر سابت نەبووە.

پێشەوا نەوەوی لە المجموع دا دەڵێت : هیچ بنچینەیەکی نییە [٤٥]، وەلە کتێبی (الأذكار) یشدا لە لاپەڕە ٥٧ دا دەڵێت: " دوعا لەسەر ئەندامەکانی دەستنوێژ هیچ شتێکی لەسەر نەهاتووە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ .

---

[٤٣] الاعتصام (٢١٩/١)

[٤٤] الفتاوى مسألة (١٥)

وە پێشەوا ابن القيم ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەڵێت: " ئەو فەرموودانەی کە باسی دوعا دەکەن لەسەر ئەندامەکانی دەستنوێژ هەموویان باتڵن و صەحیحیان تێدا نییە " (٤٦)

هـ ) پەیوەست بوون بە قنوتەوە لە نوێژی بەیانیدا: ئەوەش لەبەر ئەوەی هیچ فەرموودەیەك نەهاتووە کە نوێژی بەیانیان تایبەت بکات بە وتنی قنوتەوە، بەڵکو ئەوەی هاتووە ئەوەیە کە باسی وتنی قنوت دەکات لە هەمو نوێژەکاندا لەکاتی ناخۆشی وبەڵاو کارەساتدا.

بەڵکو لە زۆرێك لە هاوەڵانەوە هاتووە کە قنوتیان نەکردووە لە نوێژی بەیانیاندا مەگەر لەکاتی کارەساتدا نەبێت وەکو عومەر وابن مسعود وابن عومەر رضي الله عنهم .

ئەبی مالیکی ئەشجەعی رضي الله عنه دەڵێت: بەباوکمم وت: ئەی باوکە تۆ نوێژت لە دوای پێغەمبەری خوا وئەبی بەکر وعومەر وعوسمان وعەلی کردووە، ئایا ئەوان قنوتیان دەخوێند؟ وتی: ڕۆڵە ئەوە بیدعە و داهێنراوە (٤٧)

---

(٤٥) المجموع ( ٤٨٩/١ )

(٤٦) المنار المنيف ص ١٢٠

(٤٧) رواه الترمذي والنسائي وابن ماجه وابن أبي شيبة

و ) تایبەت کردنی هەندێ کات بۆ دوعا بەبێ بەڵگە: وەکو مانگی ڕەجەب و شەوی نیوەی شەعبان و دوای نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە [*] و دوعای بەکۆمەڵ لەدوای نوێژە فەرزەکان.

---

[*] سەبارەت بە دوعا و پاڕانەوە لەنێوان نیوەڕۆ و عەسردا لەڕۆژی چوارشەمماندا

جابری کوڕی عبدالله خوا لێی ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە و دەڵێ : (أَنَّ النَّبِيَّ صلى الله عليه وسلم دَعَا فِي مَسْجِدِ الْفَتْحِ ثَلاثًا يَوْمَ الِاثْنَيْنِ وَيَوْمَ الثُّلاثَاءِ وَيَومَ الأَرْبعاءِ فاستُجِيبَ لَهُ يَومَ الأربعاءِ بينَ الصَّلاتَيْنِ فعُرِفَ البِشْرُ فِي وَجْهِهِ، قَالَ جَابِرٌ:فَلَمْ يَنْزِلْ بِي أمرٌ مُهِمٌّ غَلِيظٌ إِلا تَوخَيْتُ تِلْكَ السَّاعَةَ فَأَدْعُو فِيهَا فَأَعْرِفُ الإجابة").

حسنه الألباني في صحيح الأدب المفرد (١/٢٤٦).

واته : پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لەمزگەوتی (الْفَتْحِ) دا ، سێ ڕۆژ پاڕایەوە ، ڕۆژی دوو شەممە و ڕۆژی سێ شەممە ، ڕۆژی چوار شەممە ، لە ڕۆژی چوار شەممەدا وەڵامی پاڕانەوەکەی درایەوە لەنێوان نوێژی نیوەڕۆ و عەسردا ، لەدەم و چاویدا دڵ خۆشی بەدی دەکرا ، جابر دەڵێ : توشی هیچ موسیبەتێک وناخۆشیەک نەدەبووم ئیلا ئەو سەعاتەم هەڵدەبژارد و تیایدا دەپاڕامەوە ، هەستم دەکرد وەڵامم دەدرایەوە .

شیخ الألباني رحمه الله دەڵێت :

گەر هاوەڵی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پێهانی ڕانەگەیاندایە کە ڕۆژی چوارشەمم مەبەست بووە ، و کەسێک ئامادە بێت شتێک دەبینێت کە کەسی غائب نایبینێت ، وە هەواڵ وەک ئەوە نی یە بەچاو ببینرێت ، خۆ ئەگەر ئەو هاوەڵە هەواڵی پێهان نەدایە ، ئەوا دەمان گوت : ئەوا بۆ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم ڕێک کەوتووە و لەو کاتەدا و لەو ڕۆژەدا پاڕاوەتەوەو وەڵامی دراوەتەوە .

بەڵام ئەو هاوەڵە بەڕێزە کاری بەو (کات و ڕۆژە) دەکرد کە لە پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم بینی بووی و وەڵامی دەدرایەوە .

کەواتە ئەمە شتێکە لێی تێگەیشتووین بەهۆی ئەو هاوەڵەوە ، و ئەم کارە سونەتێکی تەعەبودییە و لەخۆوە نەکراوە .

هەروەها شیخ الإسلام ابن تيمية رحمه الله دەڵێت:

کۆمەڵێک لەهاوەڵانی مەزهەبی ئیمە و جگە لەوانیش کار بەم فەرموودەیە دەکەن ، لەو کاتەدا دەپاڕێنەوە ، هەروەک لەجابرەوە گێڕدراوەتەوە ، بەڵام لەجابرەوە نە گێڕدراوەتەوە ئەو جێگایەی هەڵبژاردبێت بۆ پاڕانەوە ، واتە (ئەوشوێنەی کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم تیایدا پاڕایەوە) ، بەڵکو کاتەکەی هەڵدەبژارد بۆ پاڕانەوە. اقتضاء الصراط (١ / ٤٣٣).

**هەشتەم : هۆكارەكانی وەڵامدانەوەی دوعا :**

١- ئیخلاص لەدوعادا وەكو خوای گەورە فەرموویەتی: {وَادْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ}[الأعراف:٢٩]

٢- تۆبە و گەڕانەوەی ئەو شتانەی كە بەستەم بردوتە.

٣- گەڕان بەدوای ئەو هەل و كات و ساتانەدا كە دوعا تێیاندا گیرایە.

٤- نزیك بوونەوە لە خوا بە ئەنجام دانی سوننەتەكان لەپاش فەرزەكان بەبەڵگەی( ولا یزالُ عبدي یتقرب إليّ بالنوافل حتى أحبه ... ) (٤٩)

٥- زۆر ئەنجام دانی كاروكردەوەی چاكە.

**بابەتێك:**

گیرابوونی دوعا و وەڵامدانەوەی لەلایەن خوای گەورەوە بەڵگەیە لەسەر چاكێتی كەسەكە و تەقوای، بەڵام هەندێك جاریش ئەوە ناگەیەنێت و جۆرێكە لە پەلكێشی (استدراج) یان بۆ حیكمەتێكە كە خوا خۆی دەیزانێت، چونكە ئەوەتا خوای گەورە وەڵامی دوعای شەیتانی داوەتەوە.

خوای گەورە دەفەرموێت: {قَالَ فَأَنظِرْنِي إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ}[الأعراف:١٤]، واتە: ئیبلیس وتی : پەروەردگارم مردنم دوابخە لەدونیا بۆ ئەو ڕۆژەی كە بەندەكانت زیندوودەكەیتەوە كە ڕۆژی دواییە .

بەهەمان شێوە وەڵام نەدانەوە و گیرانەبوونی دوعا ئەوە ناگەیەنێت كە دوعاكارەكە خراپكار و ناپەسەندە، ئەوەتا خوای گەورە هەندێ جار وەڵامی پێغەمبەرەكەی نەداوەتەوە، وەكو

---

(٤٩) رواه البخاري ( ٦٥٠٢ )

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: " سألت ربي ثلاثاً فأعطاني اثنتين ومنعني واحدةً، سألت ربي ألايُهلك أمتي بالسّنةِ فأعطنيها، وسألته ألا يُهلك أمتي بالغرق فأعطنيها، وسألته ألا يجعل بأسهم بينهم فمنعنيها "[٥٠].

واته: داوای سێ شتم له خوای پەروەردگار کرد و دوانیانی پێ بەخشیم و یەکێکیانی پێ نەبەخشیم، داوام کرد خوای گەورە بەیەك جار ئوممەتەکەم لەناونەبات، پێی بەخشیم، وە داوام لێکرد کە ئوممەتەکەم بە نقوم بوون وغەرقکردن لەناونەبات ئەویشی پێ بەخشیم، وە داوام لێ کرد کە ناکۆکی و دوبەرەکی نەخاتە نێوانیانەوە بەڵام ڕێگری لێ کردم و پێی نەبەخشیم.

جاری وا هەیە خوای گەورە وەڵامی دوعایەك ناداتەوە لەبەر حیکمەتێکی گەورە لەوانە بۆ ئەوەی کەسەکە دیسان بگەڕێتەوە بۆ لای خوا وداوای لێ بکات.

وە هەروەها زیادکردنی یەقین ودڵنیایی لای بەندە بەوەی کە تەنها خوای گەورە خاوەنی هەموو شتێکە و مەخلوق هیچ مافێکی بەسەر خواوە نییە وە دەبێت ئەوە بزانرێت کە خوای پەروەردگار ئەگەر ببەخشێت لەبەر حیکمەتە و ئەگەریش بیگرێتەوە هەر لەبەر حیکمەتێکە، وەکو دەفەرموێت: {وَعَسَى أَن تَكْرَهُواْ شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَعَسَى أَن تُحِبُّواْ شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ وَاللّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ}[البقرة:٢١٦].

واته: لەوانەیە هەندێك جار حەز لەشتانێك نەکەن کەچی لە ڕاستیدا خێری تێدابێ بۆتان ، و لەوانەشە هەندێك جار شتیانێکتان حەزلێبێت لەبەر ئەو ڕاحەتی و چێژە دوابراوە دونیایەی کە تێیدایە کەچی لە ڕاستیشدا خراپەی تێدایە بۆتان . بێگومان خوای بەرز و بڵند و پایەبەرزە کە

[٥٠] مسلم (٢٨٩٠)

دەزانێت چی خێر و چاکەی ئێوەی تێدایە ، بەڵام ئێوە ئەوە نازانن . بۆیە پەلە و دەستپێشخەری بکەن بۆ تێکۆشان و جیهادکردن لەپێناوی خوای پەروەردگاردا.

هەروەها یەکێکی تر لە هۆکار و حیکمەتەکان لە وەڵام نەدانەوەی دوعاکەی ئەوەیە بۆ ئەوەی کەسەکە بەخۆیدا بچێتەوە و لێپرسینەوەیەك لەگەڵ خودی خۆیدا بکات و کەموکورتی و ناتەواویەکەی بدۆزێتەوە و خۆی چاك وباش بکات، وە جاری واش هەیە دوعاکە وەڵام دەدرێتەوە بەڵام کەسەکە پێی نازانێت و هەستی پیٚ ناکات.

هەروەها دواکەوتنی وەڵام دانەوە سەردەکێشێت بۆ دەستکەوتن و ئەنجام دانی هەندێ خواپەرستی و چاکەی تر وەکو: چاوەڕێی لابردنی ناخۆشی لەلایەن خوای گەورەوە و دەرخستن و پیشاندانی هەژاری و پێویستی بەندە بۆ خوای تاك و زانا و دەستکەوتنی رازی بوون بە قەدەری خوا و چێژوەرگرتن لە دوبارەکردنەوەی دوعاو پاڕانەوە و هەروەها بەرەنگاربوونەوەی شەیتان و تەسلیم نەبوون بۆی.

❁❁❁❁❁

**نۆیەم : كۆمەڵێك فەرموودەی لاواز و هەڵبەستراو دەربارەی دوعا :**

١- حدیث ( **الدعاء سلاح المؤمن ...** ) السلسلة الضعيفة ( ١٧٩)

٢- حدیث ( **الدعاءُ مخُّ العبادة** ) ضعيف سنن الترمذي ( ٣٦١١ )

٣- حدیث ( **سلوا الله عز وجل ببطون أكفكم ولا اسألوه بظهورها، فإذا فرغتم فامسحوا بها وجوهكم**) حديث منكر فيه صالح بن حسان وهو متروك الحديث

٤- حدیث ( **إذا دخلت على مريضٍ فمُرهُ أن يدعو لك فإن دعاءه كدعاء الملائكةِ** ) حديثٌ مرسل

٥- حدیث ( **ما زال رسول الله يقنت في الفجر حتى فارق الدنيا** ) حديث منكر فيه أبو جعفر الرازيي

## دەیەم : هەندێك دوعای پڕ مەعنا و گشتگیر لە قورئان و فەرموودە صەحیحەکاندا[*]

*** لە قورئانی پیرۆز :**

﴿رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِي ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٗ وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِ حَسَنَةٗ وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ﴾ .

ئەی پەروەردگارمان لە دونیادا چاکەمان بدەرێ و لە دواڕۆژیش چاکەمان بدەرێ و بشمانپارێزە لە سزای ئاگر .

﴿رَبَّنَآ أَفۡرِغۡ عَلَيۡنَا صَبۡرٗا وَثَبِّتۡ أَقۡدَامَنَا وَٱنصُرۡنَا عَلَى ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾ .

ئەی پەروەردگارمان ئارامگرتن برێژە بەسەرماندا و پێکانیشمان جێگیر بکە و سەریشمان بخە بە سەر گەلی بێباوەڕاندا .

﴿رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذۡنَآ إِن نَّسِينَآ أَوۡ أَخۡطَأۡنَاۚ رَبَّنَا وَلَا تَحۡمِلۡ عَلَيۡنَآ إِصۡرٗا كَمَا حَمَلۡتَهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِنَاۚ رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلۡنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِۦۖ وَٱعۡفُ عَنَّا وَٱغۡفِرۡ لَنَا وَٱرۡحَمۡنَآۚ أَنتَ مَوۡلَىٰنَا فَٱنصُرۡنَا عَلَى ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾ .

ئەی پەروەردگارمان لێمان مەگرە ئەگەر لە بیرمان چو یان هەڵەمان کرد ، پەروەردگارمان ناڕەحەتی مەدە بەسەرماندا وەکو چۆن دابوت بەسەر ئەوانەی پێش ئێمەدا، پەروەردگارمان شتێك مەدە بەسەرماندا کە لە توانامان‌اندا نەبێت ، وە لێمان ببورە و لێمانیش خۆشبە و ڕەحممان پێ بکە تۆ پشت و پەنامانی بۆیە سەرمان بخە بە سەر گەلی بێباوەڕاندا .

[*] وەرگیراوە لە کتێبی : ئایا لەم دەرگایەت داوە لە نوسین و ئامادە کردنی مامۆستا محمد عبدالرحمن

﴿رَبَّنَا لَا تُزِغۡ قُلُوبَنَا بَعۡدَ إِذۡ هَدَيۡتَنَا وَهَبۡ لَنَا مِن لَّدُنكَ رَحۡمَةًۚ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡوَهَّابُ﴾ .

ئەی پەروەردگارمان دڵەكانمان لامەدە لە ڕێگای ڕاست دوای ئەوەی كە ڕێنماییت كردین بۆی ، وە لە لایەن خۆتەوە ڕەحمەتمان پێ ببەخشە بەڕاستی تۆ بەخشندەی .

﴿رَبَّنَآ ءَامَنَّا بِمَآ أَنزَلۡتَ وَٱتَّبَعۡنَا ٱلرَّسُولَ فَٱكۡتُبۡنَا مَعَ ٱلشَّٰهِدِينَ﴾

ئەی پەروەردگارمان ئێمە باوەڕمان هێنا بەوەی كە داتبەزاندووە و شوێنی پێغەمبەریش كەوتین بۆیە لە گەڵ شایەتومان هێنەراندا بمان نووسە .

﴿رَبَّنَا ٱغۡفِرۡ لَنَا ذُنُوبَنَا وَإِسۡرَافَنَا فِيٓ أَمۡرِنَا وَثَبِّتۡ أَقۡدَامَنَا وَٱنصُرۡنَا عَلَى ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾ .

ئەی پەروەردگارمان لە تاوانەكانمان و ڕۆچونمان لە كاروبارماندا خۆشبە و پێكانیشمان جێگیر بكە و سەریشمان بخە بە سەر گەلی بێباوەڕاندا .

﴿رَّبَّنَآ إِنَّنَا سَمِعۡنَا مُنَادِيٗا يُنَادِي لِلۡإِيمَٰنِ أَنۡ ءَامِنُواْ بِرَبِّكُمۡ فَـَٔامَنَّاۚ رَبَّنَا فَٱغۡفِرۡ لَنَا ذُنُوبَنَا وَكَفِّرۡ عَنَّا سَيِّـَٔاتِنَا وَتَوَفَّنَا مَعَ ٱلۡأَبۡرَارِ﴾ .

ئەی پەروەردگارمان بەراستی ئێمە بیستمان بانگەوازكارێك بانگ دەكات بۆ باوەڕهێنان و دەڵێت باوەڕ بێنن بە پەروەردگارتان ئێمەیش باوەڕمان هێنا جا لە بەر ئەوە لە تاوانەكانمان خۆشبە و خراپەكانمان بسڕەوە و لە گەڵ چاكەكاراندا بمانمرێنە .

﴿رَبَّنَا وَءَاتِنَا مَا وَعَدتَّنَا عَلَىٰ رُسُلِكَ وَلَا تُخْزِنَا يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۗ إِنَّكَ لَا تُخْلِفُ ٱلْمِيعَادَ﴾ .

ئەی پەروەردگارمان ئەوەی كە بەڵێنت پێداوین لە ڕێی پێغەمبەرەكانتەوە بماندەرێ و لە ڕۆژی قیامەتیشدا سەرشۆڕمان مەكە بەڕاستی تۆ بەڵێن ناشكێنیت و دوای ناخەیت .

﴿رَبَّنَا ظَلَمْنَآ أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَـٰسِرِينَ﴾ .

ئەی پەروەردگارمان ئێمە ستەممان كرد لە خۆمان جا ئەگەر تۆ لێمان خۆشنەبیت و ڕەحمان پێ نەكەیت ئەوا بەدڵنیایی دەبین بە بەشێك لە خەسارۆمەندان .

﴿رَبَّنَا ٱصْرِفْ عَنَّا عَذَابَ جَهَنَّمَ ۖ إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَامًا﴾ .

ئەی پەروەردگارمان سزای دۆزەخمان لێ دوور بخەرەوە بەڕاستی سزاكەی سەخت و ناڕەحەتە .

﴿رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَٰجِنَا وَذُرِّيَّـٰتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَٱجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا﴾ .

ئەی پەروەردگارمان پێمان ببخشە لە خێزانەكانمان و وەچەكانمان ئەوەی كە چاوەكانمان پێی ئۆقرە بگرێت و بمانكەرە پێشەوا بۆ خۆپارێزەران لە تاوان .

﴿رَبَّنَا ٱغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلْإِيمَـٰنِ وَلَا تَجْعَلْ فِى قُلُوبِنَا غِلًّا لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ﴾ .

ئەی پەروەردگارمـــان خۆشبە لە ئێمە و ئەو برایانەشـــمان كە پێشمان كەوتوون بە ئیمان وە ڕق و كینە نەخەیتە ناو دڵمانەوە بەرامبەر ئەوانەی كە باوەڕیان هێناوە ، ئەی پەروەردگارمان بەڕاستی تۆ بە بەزیی و بە ڕەحمیت .

*** لە فەرموودە صەحیحەکان**

((اللَّهُمَّ إنِّي أَسْأَلُكَ الْجَنَّةَ وَأَعُوذُ بِك مِنْ النَّارِ ، اللَّهُمَّ إنِّي أَسْأَلُكَ الْجَنَّةَ وَأَعُوذُ بِك مِنْ النَّارِ ، اللَّهُمَّ إنِّي أَسْأَلُكَ الْجَنَّةَ وَأَعُوذُ بِك مِنْ النَّارِ)) .

خوایە من داوای بەهەشتت لێدەکەم و پەنات پێدەگرم لە ئاگر ، خوایە من داوای بەهەشتت لێدەکەم و پەنات پێدەگرم لە ئاگر ، خوایە من داوای بەهەشتت لێدەکەم و پەنات پێدەگرم لە ئاگر .

((اللَّهُمَّ ارْحَمْنِي وَارْزُقْنِي وَعَافِنِي وَاهْدِنِي)) .

خوایە رەحمم پێ بکە و ڕزقم بدە و لاشەم ساغکە و هیدایەتم بدە .

((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ فِتْنَةِ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ ، اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْمَأْثَمِ وَالْمَغْرَمِ)) .

خوایە من پەنات پێدەگرم لە سزای ناو گۆڕ ، وە پەنات پێدەگرم لە فیتنە و تاقیکردنەوەی دەججالی چاو سڕاوە ، وە پەنات پێدەگرم لە فیتنە و تاقیکردنەوەی ژیان و مردن (کاتی سەرەمەرگ و پرسیارەکانی ناو گۆڕ) ، خوایە من پەنات پێدەگرم لە تاوانباری و قەرزاری .

((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِرِضَاكَ مِنْ سَخطِكَ ، وَبِمُعَافَاتِكَ مِنْ عُقُوبَتِكَ ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْكَ ، لاَ أُحْصِي ثَنَاءً عَلَيْكَ أَنْتَ كَمَا أَثْنَيْتَ عَلَى نَفْسِكَ)) .

خوایە من پەنا دەگرم بە ڕەزامەندیت لە تووڕەیت ، وە پەنا دەگرم بە لێبوردەییت لە سزات ، وە پەنا دەگرم بە خۆت لە خۆت ، ناتوانم ستایشت بکەم بە ئەندازەی ئەوەی کە خۆت ستایشی خۆتت کردووە .

((اللَّهُمَّ أَعِنِّي عَلَى ذِكْرِكَ وَشُكْرِكَ وَحُسْنِ عِبَادَتِكَ)) .

خوایه یارمەتیم بده له سەر زیکر کردن و شوکر کردن و چاکێتی پەرستنت .

((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْهَمِّ وَالْحَزَنِ ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنَ الْعَجْزِ وَالْكَسَلِ ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنَ الْجُبْنِ وَالْبُخْلِ ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ غَلَبَةِ الدَّيْنِ وَقَهْرِ الرِّجَالِ)) .

خوایه من پەنات پێدەگرم له غەم و پەژاره و بێ تاقەتی ، وه پەنات پێدەگرم له بێدەسەلاتی و تەمبەڵی ، وه پەنات پێدەگرم له ترسنۆکی و ڕەزیلی ، وه پەنات پێدەگرم له زاڵ بوونی قەرز به سەرمدا وه له زاڵ بوونی ستەمی پیاوان .

((اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْهُدَى وَالتُّقَى وَالْعَفَافَ وَالْغِنَى)) .

خوایه من داوای هیدایەت و خۆپاراستن له تاوان و پاکێتی و دەوڵەمەندیت لـێ دەکەم .

((اللَّهُمَّ أَصْلِحْ لِي دِينِي الَّذِي جَعَلْتَهُ عِصْمَةَ أَمْرِي ، وَأَصْلِحْ لِي دُنْيَايَ الَّتِي جَعَلْتَ فِيهَا مَعَاشِي ، وَأَصْلِحْ لِي آخِرَتِي الَّتِي جَعَلْتَ إِلَيْهَا مَعَادِي ، وَاجْعَلِ الْحَيَاةَ زِيَادَةً لِي فِي كُلِّ خَيْرٍ ، وَالْمَوْتَ رَاحَةً لِي مِنْ كُلِّ شَرٍّ)) .

خوایه دینداریەکەم بۆ چاك بکه که پاراستنی گوزرانمی پێوه بەنده ، وه بواری دونیاشم بۆ چاك بکه که ژیانمی تێدایه ، وه بواری دواڕۆژشیشم بۆ چاك بکه که گەڕانەوەمی تێدایه ، وه ژیانم بکه به مایەی زیاد بوونی هەموو خێرێك بۆم ، وه مردن بکه به مایەی ئیسراحەت بۆم له هەموو خراپەیەك .

((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْبَرَصِ وَالْجُنُونِ وَالْجُذَامِ ، وَمِنْ سَيِّءِ الأَسْقَامِ)) .

خوایه من پەنات پێدەگرم له گولی و شێتی و گەڕی ، وه له خراپترینی دەرد و نەخۆشیەکان .

((اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنْ فَضْلِكَ وَرَحْمَتِكَ فَإِنَّهُ لا يَمْلِكُهَا إِلاَّ أَنْتَ)) .

خوایە من داوای چاكە و بەزەیی پێداهاتنەوەت لێدەكەم ، چونكە بەڕاستی ئەوانە بە دەستی كەسەوە نیە تەنها تۆ نەبێت .

((اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي ذُنُوبِي وَخَطَايَايَ كُلَّهَا ، اللَّهُمَّ أَنْعِشْنِي وَاجْبُرْنِي ، وَاهْدِنِي لِصَالِحِ الأَعْمَالِ وَالأَخْلاقِ ، فَإِنَّهُ لا يَهْدِي لِصَالِحِهَا وَلا يَصْرِفُ سَيِّئَهَا إِلاَّ أَنْتَ)) .

خوایە لە هەموو تاوان و هەڵەكانم خۆشبە ، خوایە بمژێنەوە و كەموكۆڕیەكانم پڕ كەرەوە و ڕێنماییم بكە بۆ كردەوە و ڕەوشتی چاك چونكە بەڕاستی كەس نیە ڕێنمایی بكات بۆ كردەوە و ڕەوشتی چاك و خراپەكانیشی لابدات لە ڕێم تەنها تۆ نەبێت .

((اللَّهُمَّ اقْسِمْ لَنَا مِنْ خَشْيَتِكَ مَا يَحُولُ بَيْنَنَا وَبَيْنَ مَعَاصِيكَ ، وَمِنْ طَاعَتِكَ مَا تُبَلِّغُنَا بِهِ جَنَّتَكَ ، وَمِنَ الْيَقِينِ مَا تُهَوِّنُ بِهِ عَلَيْنَا مُصِيبَاتِ الدُّنْيَا ، وَمَتِّعْنَا بِأَسْمَاعِنَا وَأَبْصَارِنَا وَقُوَّتِنَا مَا أَحْيَيْتَنَا ، وَاجْعَلْهُ الْوَارِثَ مِنَّا ، وَاجْعَلْ ثَأْرَنَا عَلَى مَنْ ظَلَمَنَا ، وَانْصُرْنَا عَلَى مَنْ عَادَانَا ، وَلاَ تَجْعَلْ مُصِيبَتَنَا فِي دِينِنَا ، وَلاَ تَجْعَلِ الدُّنْيَا أَكْبَرَ هَمِّنَا ، وَلاَ مَبْلَغَ عِلْمِنَا ، وَلاَ تُسَلِّطْ عَلَيْنَا مَنْ لاَ يَرْحَمُنَا)) .

خوایە ئەوەندە ترسان لە خۆتمان پێببەخشە كە ببێتە بەربەست لە نێوان ئێمە و سەرپێچی كردنتدا ، وە ئەوەندەش لە گوێڕایەڵی كردنت كە بمانگەیەنێتە بەهەشتەكەت ، وە ئەوەندەش لە دڵنیایی كە ناهەموارییەكانی دونیامان لە سەر سووك بكاتەوە ، خۆشگوزرانمان بكە بە بیستنمان و بینیمان و توانامان ئەوەندەی كە دەمان ژێنیت ، وە ئەوانەش بكە بە میرات گری ئێمە ، وە تۆڵە لێسەندنەوەمان بخەرە سەر ئەوانەی كە ستەممان لێدەكەن ، وە سەرمان بخە بە سەر ئەوانەی دژایەتیمان دەكەن ، وە ناهەمواریيەكانمان نەخەیتە نێو ئاینەكەمانەوە ، وە دونیا مەكەرە گەورە ترین مەبەستمان و ئامانجی زانستمان ، وە كەسێك زاڵ مەكە بە سەرماندا كە بەزەیی پێماندا نەیەتەوە .

((اللَّهُمَّ اكْفِنِي بِحَلاَلِكَ عَنْ حَرَامِكَ ، وَأَغْنِنِي بِفَضْلِكَ عَمَّنْ سِوَاكَ)) .

خوایە رازیم بكە بە شتە حەڵاڵكراوەكانت لە جیاتی حەرامكراوەكانت ، وە دەوڵەمەندم بكە بە چاكەی خۆت لە جگە لە خۆت .

((اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ فِعْلَ الْخَيْرَاتِ ، وَتَرْكَ الْمُنْكَرَاتِ ، وَحُبَّ الْمَسَاكِينِ ، وَأَنْ تَغْفِرَ لِي وَتَرْحَمَنِي ، وَإِذَا أَرَدْتَ فِتْنَةَ قَوْمٍ فَتَوَفَّنِي غَيْرَ مَفْتُونٍ ، وَأَسْأَلُكَ حُبَّكَ وَحُبَّ مَنْ يُحِبُّكَ ، وَحُبَّ عَمَلٍ يُقَرِّبُ إِلَى حُبِّكَ)) .

خوایە من داوای ئەنجامدانی چاكەكانت لێدەكەم ، وە داوای وازهێنان لە خراپەكانت لێدەكەم ، وە داوای خۆشەویستی هەژارانت لێدەكەم ، وە داوات لێدەكەم لێمخۆش بیت و بەزەیت پێمدا بێتەوە ، وە ئەگەر ویستت خەڵكانێك تووشی تاقیكردنەوە بكەیت ئەوا بممرێنە بە بێ تووشبوونم بە فیتنە ، وە داوای خۆشەویستنی خۆتت لێدەكەم وە خۆشەویستنی ئەو كەسانەی كە تۆیان خۆش دەوێت ، وە خۆشەویستنی كردەوەیەك كە نزیك كەرەوە بێت بۆ لای خۆشویستنی تۆ .

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ